


# کوڕ بوون

سەلام عومەر

ئەو ڕۆژەی، ئەتۆ بڵێی ئەو بەیانییەی (هۆشەنگ)یان بردە قوتابخانە، یەکەم پرسیار کە لە بەڕێوەبەرەوە گوێی لێ بوو بە باوکی گوت: ئەوە کوڕی گەورەتە؟ ئەویش گوتی: بەڵێ، هۆشەنگی خزمەتکارتانە و تەنیا ئەو کوڕەشم لەگەڵ سێ کچ هەیە، وەڵامەکە هۆشەنگی گەڕاندەوە دواوە و بیری لە قسەی خزم و دراوسێکان دەکردەوە، کە هەمیشە بە داکیان دەگوت: زۆر بە بەختی کە بوویە دایکی کوڕ، یەکی دی دەیگوت تەمەن درێژ بێت ئیدی وەجاختان ڕوونە، ئەوەندە نا، ئەگەر دایکیشی هەواڵی کەسێکی پرسیبا، پێیان دەگوت برات نەمرێ، هەرگیز گوێی لێ نەبوو بڵێن کچت نەمرێ، یان بە دایکی کچان بی.

لێرەوە هۆشەنگی وردیلە وشەی کوڕ لەلای گەورە بوو، بە جۆرێک لەگەڵ گەورەبوونی، کوڕبوونیش گەورە دەبوو، ئاخر کاتێک ئەو تەمەنی گەیشتە هەرزەیی خوشکەکانی کە دووانیان لەخۆی گەورەتریش بوون هەر بە کاکە بانگیان دەکرد، ئەوان نەدەبوو بچنە دەرێ و برادەریان هەبێ، کەچی ئەو هەمیشە لە کۆڵان بوو، لەگەڵ کچ و کوڕەکان یارییان دەکرد، دواتر دەچووە تۆپ تۆپێن و سەیران و زۆر جاران شەویش درەنگ دەهاتەوە، کەس نەیدەگوت ئابڕوومان دەچێ، کەچی خوشکەکانی بێجگە لەوەی دەوامی قوتابخانەیان دەکرد، لەماڵەوەش چی ئیشوکارە لە سەر ئەوان بوو، میوان هاتبا هەر ئەوان خزمەتیان دەکرد، خۆ دایکیشی هەمیشە چاوی لەسەر کوڕەکەی بوو، دوو کچە گەورەکەی خستبووە خزمەتی ئەو و پێی دەگوتن یەک شتی لێ بێت تیتکتان بەسەرەوە ناهێڵم، زۆر کەڕەتان بەگوێی خۆی گوێی لێ دەبوو کە دایکی دەیگوت: کچ

میوانە زوو گەورە دەبێت و زووش دەڕوا، بەڵام کوڕ هەمیشە پشت و پەنایەو دوای ژن هێنانیش هەر لەگەڵمان دەمێنێتەوە، قەت کارێکیان بە کوڕەکەیان نەکرد، تەنیا دەیانگوت بخوێنە، کەچی خوشکەکان و دایکی بەردەوام لەسەر قاپشۆر و خەریکی پاککردنەوەی ماڵ بوون، باب و کوڕیش کاریان تەنیا دانیشتن بوو.

هۆشەنگ لەنێو ئەو کولتوورەدا گەورە بوو، کاتێک خوشکێکی خوازبێنی هات و شووی کرد، گوێی لێ بوو بابی گوتی: (هەرچی زووە دەبێت ژنێک بۆ کوڕەکەمان بدۆزینەوە با جێی خوشکی چۆڵ نەبێت)، ئەو کاتە هێشتا هۆشەنگ قۆناغی ئامادەیی تەواو نەکردبوو، هەروابێتەوە تازە سەرەتای چاوچاوێنەی بوو لەگەڵ کچێکی دراوسێیان و ئەوەی بیری لێ نەکردبووەوە ژنهێنان بوو، چونکە هێشتا منداڵ بوو، خۆ ئەگەر بڕیاریشی دابا، ئەوە کچە دراوسێکەیانی هەڵدەبژارد، کەچی شەوێک لەناکاو بابی پێی گوت: کوڕم گەورەبووی و ئیدی کاتی ژن هێنانتە، دایکی قسەکەی لە بابی منداڵان وەرگرتەوە، بێجگە لەوەی پشتگیری قسەکەی بابی کرد، گوتی سبەی دەچینە ماڵی خوشکم لەگەڵ نیانی کچی قسە بکە و ئێمە لەلای خۆمان بڕاندوومانەتەوە.

هۆشەنگ هەرچەند هەوڵی دا بۆ پاشگەزکردنەوەی باوانی و دەیگوت هێشتا قوتابیم و ئەو ئەرکە زۆر قورسە، دواتر نیان منداڵە وەک من و دڵم بۆی ناچێ، هیچ سوودی نەبوو، چونکە وەڵامی باوانی ئەوە بوو کە خوێندن بەهەردووکیان تەواو دەکەن و ئەوەندەش نا خەرجی تاهەتایە لەسەر وان دەبێت تا خوێندن تەواو دەکات و کارێک دەدۆزێتەوە.

ساڵێک بەسەر شووکردنی خوشکی تێنەپەڕی، بووک گواسترایەوە ماڵ، هۆشەنگی قوتابی بووە زاوا و دڵیان کردە دوو پارچە، پارچەیەک ئەو دڵەبوو کە لەلای کچە دراوسێکەیان جێ مابوو، پارچەکەی دی دابووە نیانی کچی پووری کە ئیدی هاوسەریەتی، کوڕەی داماو لەنێوان گەورەبوونی جەستەیی و لاویەتیدا بزر بووبوو، ئەو هێشتا لە نووسینی نیوەی نامەیەکی خۆشەویستیدا بوو کاتێک بەسەر خێزاندا کەوت و نەیانهێشت نامەکە تەواوکا، تەواو نەچووبووە نێو پرۆسەی لاویەتی کاتێک خۆی لەباوەشی ژندا دیتەوە، هێشتا لە کردەکانی جووتبوونی نەدەزانی، لە ژوورێکدا لەگەڵ کچێک جێیان هێشت، زۆر بەخێرایی گەورەیان کرد و هاویشتیانە نێو ئەرکێک کە ئی ئەو نەبوو، بۆیە کە ئاوڕی دایەوە دیتی منداڵی لە کۆڵان و حەوشەی ماڵێ کەوتووە و لاویەتیشی لەبەرچاوی خۆی کوشتیان، سمێڵی پێش ئەوەی گووگرە بێت، چۆڕایە سەر لێوەکانی، لەجیاتی هەڵدانەوەی پەڕەی کتێبەکانی قوتابخانە، خەریکی هەڵدانەوەی کراس و ئاوەڵکراسی ژنەکەیەتی، ئەوەندەنا بەبیانووی ئەوەی بووەتە پیاو و خاوەنی ژنە، شەو گەڕان و هاوڕێیەتیشی لێ قەدەغە کرا.

هۆشەنگی داماو کەوتبووە نێو دوو بەرداشەوە لەلایەک خێزانەکەی و لاکەی دی هاوسەرەکەی کە تازە چرۆی خۆشەویستییەک کەوتبووە نێو دڵی، ڕێک ئەو خۆشەویستییەی دوای ژن و مێردایەتی باسی لێوەدەکرێ و دروست دەبێ، خۆشەویستییەکی خێرا، خێرا وەک ئەو جووت بوونەی کە هەر چەند خولەکێکی پێ دەچوو، خێرا وەک ماچ و دەستلەملانەکان، ناسک وەک جەستەیان و شل وەک عەورەتیان، وەلێ دەیدی وردە وردە خوشکەکانی دژایەتی نیانی هاوسەری دەکەن و دایکیشی لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردەی خۆیەتی و کچی خوشکیشیەتی، کەچی پشتی کچەکانی دەگرێ، ئەوەندە نا درزێک خەریکە دەکەوێتە نێوان خۆشەویستی خۆی و دایکی، چونکە پێی وایە ئەو خۆشەویستییەی بۆ

ژنەکەی هەیەتی، بۆ ئەوی نییەتی، کاتێک بەرووی خۆشەوە قسە لەگەڵ هاوسەرەکەی دەکات، ئەو پێی ناخۆشە زۆرجاران لەسەر خوان نایەڵن لەلای یەکیش دانیشن.

هۆشەنگ هەر زوو درکی بە جیاوازییەکانی ئێستا و ڕابوردوو کرد و پێی سەیر بوو کوڕە تاقانەکەی ئەو ماڵە کە وەک پاشا دەژیا ئێستا کەوتووەتە بەر توانجی خێزانەکەی و جگە لە کاڵبوونەوەی خۆشەویستی نێوان خۆی و خێزانەکەی دەیانەوێ ئەویش وەک ئەوانی لێ بێت و زۆر گرنگی بە هاوسەرەکەی نەدات، لەلایەکی دیشەوە داوای منداڵیان لێ دەکرد و هەمیشە پێیان دەگوت دەی با کوڕێکتان ببێ، لە هەمووشی ناخۆشتر ڕۆژێک گلەیی لە دایکی کرد لەو بارودۆخەی تێی کەوتووە و هەروابێتەوە بەبیری هێنایەوە کە ئەوان بەزۆر ژنیان بۆ هێناوە و پێشیان گوت تا خوێندنت تەواو دەکەی ئەرکی خۆت و ماڵ و منداڵت لەسەر ئێمەیە، کەچی دایکی گوتی: هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێ نانتان بدەینێ.

هەموو ئەو گۆڕانانە هۆشەنگی ناچارکرد نانی چاوشۆڕی نەخوا و سەربەخۆیی خۆی وەرگرێ و بەو تەمەنە کە هەرگیز کاری نەکردووە و ساردی و گەرمی بەرنەکەوتووە ماڵی خۆی بکات.

***

هۆشەنگ بەسەر ئەرکێکی قورسدا کەوت، بۆیە وازی لە خوێندن هێناو ملی دایە کارکردن، یەک لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی کە زۆر پێش ئەو وازی لەخوێندن هێنابوو و دەستی دابووە کاری قاچاغ، بردییە لای خۆی و فێرە مامەڵەی نایلۆنی کرد، بڕیار بوو تا ساڵێک بابی کرێ خانووی بۆ بدات، بەڵام هەرچەند مانگێک بڕیارەکەی جێبەجێ کرد و کە زانی کوڕەکەی دەتوانێ کاروباری خۆی بەڕێ کا، بۆیە ئیدی پێی گوت کەوتوویە سەر پێی خۆت و بۆ لەمەودوا بەخۆت کاروباری خۆت بەڕێ کە و چیدی چاوەڕێی مەن مەبە کرێی خانووت بۆ بدەم، کوڕەی داماو تێگەیی مێشکی بابیشی شووراوەتەوە.

هۆشەنگ نایلۆنی، لە ئێران دەهێنا و لە هەولێر ساغی دەکردەوە، دەیتوانی هەرچۆنێک بێت بەم مامەڵەیە ژیان بەڕێ کا، بەڵام کە کرێی خانووی هاتە سەر و بووە خاوەنی دوو منداڵیش ئیدی ئەرکی قورستر بوو، بۆیە بیری لە فراوانکردنی کارەکەی کردەوە و بەهاوکاری هاوڕێیەکەی کە هەروەک شەریکیان لێهاتبوو، هەستا پارەیەکی زۆری لێ قەرز کرد و وەک جاران چووەوە ئێران تا ئەم جارەیان کاڵای زیاتر بهێنێ و قازانجیشی زیاتر بێت، کەچی هەر کە لە سنوور ئاودیو بوو، جانتاکەیان پشکنی و سێ گوللەیان لەنێویدا دیتەوە، خستیانە بەندیخانەوە و داماوە نەیزانی ئەو سێ گوللەیە چۆن خراوەتە نێو جانتاکەیەوە، ئیدی جگە لەو پارەیەی لەگەڵ خۆی بردبوو، چەندی دیشی قەرز کرد تا کەیسەکەیان کەمێک بۆ سووک کرد و لە بەندی هەتاییەوە بۆیان کردە هەژدە مانگ.

ئەو لە بەندیخانەدا هەژدە مانگی بەسەختی لەگەڵ بکوژ و تریاکخۆر و دزدا گوزەراند، لەوێ فێرە جگەرەکێشان و تریاک خواردن بوو، ئەو کوڕە تاقانە و کاسبەی کە چەند ساڵێک بوو تەنیا خەریکی خێزان و کاسبی بوو، گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا هات .

***

ئەو ڕۆژەی لە بەندیخانە گەڕایەوە، هێشتا چەند ملیۆن دینارێکی برادەرەکانی قەرزار بوو، بێجگە لەوەی بۆ ڕزگاربوونی چەندی دیشیان بۆ قەرز کردبوو، هەروا بێتەوە دنیایەک بیری خێزانەکەی دەکرد، بۆیە یەکەم شوێن ماڵی خۆیان بوو کە ڕووی تێ کرد، لەوێ لەبەر

دەرگەکە هەڵوێستەیەکی کرد و ترسێک هەموو گیانی لەرزاند، لەرزینێک نەیدەزانی ئی تریاکە، یان ترس؟ ترسی ئەوەی داخۆ ئەم ساڵ و نیوەی لە بەندیخانە بووە کێ کرێی بۆ داون؟ چۆن ژیاون و بڵێی خێزانەکەی پەراگەندە نەبووبن و ماڵەکەیان هەڕاج کردبێ، ئەوەی زیاتر دەستی دەلەرزاند، گومانی مانەوەی هاوسەرەکەی بوو، داخۆ مێردی نەکردووەتەوە، یان توانیویەتی دوو کچەکەی هەرلای خۆی بیڵێتەوە، کەوتبووە نێو بیرکردنەوە و ترسێک لەبنی پێیەوە دەهات و لە تەپڵی سەری دەردەچوو، نیگەرانییەکی قووڵ لەنێوان ترس و خۆشەویستیدا لەبەردەم دەرگەیەک چەقاندبووی کە خەونی هەموو شەوانەی بوو، جارێکی دی لەو دەرگەیەوە بچێتە ژوورێ.

پێش ئەوەی دوودڵی و لەرزینەکانی یەکلایی بکاتەوە، زۆر بە وریاییەوە لە دەرگەی دا، کردنەوەی دەرگەکە هەرچەند خولەکێکی پێ چوو، وەلێ بایی تەمەنێک لەنێو گومانێکی ناخ هەژێندا بوو، داخۆ منداڵەکانی دەیناسنەوە؟ خۆشەویستیان کاڵ نەبووەتەوە؟ تا هاوسەرەکەی کردیەوەو چاوەکان هەرچەند چرکەیەک لەیەکتری چەقین! دواتر فرمێسک کوڵمەی هەردووکیانی تەڕ کرد و باوەشێکی هێندە گەرمیان لێک دا وەک ئەوەی دەیان ساڵ بێت یەکتریان نەدیبێ، یان بە پەرجوو لەمردن گەڕابنەوە، گریانێکی پیاوانە و ژنانە ئاوێتەی یەکتری بوون و دواتر هەردوو کچەکەی کە تەمەنیان گەیشتبووە حەوت ساڵ و هەشت ساڵ هاتن و لەنێوان ئامێزی دایە و بابەدا بزر بوون، دیمەنێکی ناخ هەژێن و لەهەمان کاتدا خۆشییەکی سەیر باڵی بەسەر ئەم خێزانەدا کێشا.

***

هۆشەنگی داماو دوای پشوویەک و خواردنی نان و چایەک کە هاوژینەکەی بۆی ئامادەکرد، تەواوی پرسیارەکانی بەگوڕێ وەرکرد، ئەو پرسیارانەی چەند ساڵێک بوو لەنێو مێشکیدا دەخولانەوە، هاوژینەکەی گوتی:

باب و برایەکانم کرێیەکەیان بۆ دەدام و کەسەکانیشم خەرجییان دەدامێ، خۆشم فێرە خەیاتی کردووە و خەمت نەبێ هەندێ پارەشم پاشەکەوت کردووە.

هۆشەنگ لەم چرکەیەدا هەموو گیانی بەلەرزین کەوتەوە، غەمێک سیمای سوور سوور داگەڕاند، دەیزانی ماڵباتەکەی هیچ ڕۆڵیان نەبووە، چونکە هەر دوای مانگێک لە پرۆسەی هاوسەرگیری، بووک بووە دوژمنی دایک و خوشکەکانی، ویستی بڵێ ئەدی؟

نیان گوتی: بەداخەوە ماڵی بابت هەر یەک دوو جاران هاتن و ئیدی نەمدیتنەوە، تەنانەت منداڵەکانیشیان ماچ نەکرد.

هۆشەنگی داماو هەردوو کچەکەی کە لە باوەشی بوون، سەرو ماچێکی تەڕی لێ کردن و ڕقێک هەڵیستاندە سەرێ و ویستی بڕوا، بەڵام نیانی هاوسەری داینیشاندەوە و ئارامی کردەوە، هەر ئەو ڕۆژە بۆ عەسرەکەی گوتی قەرزاری چەند کەسێکم دەمەوێ بچم و خۆمیان پیشان بدەم تا نەڵێن پارەکەمان ڕۆیی، نیانی هاوسەریشی چوو ئەو پارەی کۆی کردبووەوە لە مستی ناو گوتی: بێ منەت بە ئەگەر بەشی نەکرد، ماوەیەکی دی هەمووی دەدەینەوە، چونکە خەڵکی گەڕەک و شار هەمووی کاری درووومان بۆ من دێنن، دەزانن لەهەموو کەس زیاتر من پێویستیم بەهەقدەستی کارەکانە.

هێشتا کەس نەیزانیبوو هۆشەنگ لە بەندیخانە ئازاد کراوە، ئەو یەکەم شوێن چووە لای هاوڕێ هەرە نزیکەکەی کە مامەڵەیان بەیەکەوە بوو، ئەو لە دەست و پێ سپییەوە کردییە کاسب، ڕێک پێچەوانەی ماڵباتەکەی کە کوڕێکی تاقانەی ناسکیان هەڵدایە نێو شەقامەکان، دوای باوەش لێکدان و خۆشحاڵی ئازاد بوون،

هۆشەنگ ویستی باسی قەرزەکان بکات، کەچی هەر تەریقی کردەوە برادەرەکەی گوتی: نەک هیچم لات نییە بۆ لەمەودوا دیسانەوە دەست بەکار دەبینەوە، ئەوەندە نا قەرزی ئێرانیشم بۆ داوییەوە و بڕۆ جارێ پشوو بدە.

هۆشەنگ لە دووکانی برادەرەکەی هاتە دەرێ و هەستی کرد جگە لە ماڵی باوانی هەمووان لەگەڵی باشن، ئاخر ئەو قوتابی بوو بەزۆر بۆ ئەوەی جێی خوشکی چۆڵ نەبێ، ژنیان بۆ هێنا، دەنا ئەو کەسێکی دی لەنێو دڵیدا چرۆی کردبوو، بیری دەکردەوە و دەست و لێوی بەلەرزین کەوتبوو، لە غەمان هەموو لەشی داوای تریاکی دەکرد، ڕقێک لە کەسەکانی هۆشەنگی کاسبی کردبووە دڕەندە، ڕووی لەو شوێنە کرد کە دەیزانی مامەڵەی ئێرانییەکانی لێیە، لەوێ برادەرێکی نایلۆن فرۆشی دۆزییەوە و زۆر بەگەرمی باوەشیان لێک دا، دواتر داوای تریاکی کرد، برادەرەکەی بەبێ پرسیار دوو حەبی لە بەرکی دەرهێنا و پێی دا، گوتی دەزانم لە بەندیخانە فێر بووی ئیدی تازە پێشت تەرک ناکرێ، بۆیە دەتدەمێ، بەڵام ئێرە جیاوازە دەبێت وردە وردە وازی لێ بێنی.

ئاخر هەر کە سیمای هۆشەنگی دی، زانی پێویستی بەو دەرمانەیە، هۆشەنگی داماو هێشتا تریاکەکە کاری خۆی نەکردبوو، برادەرەکەی گوتی وردەکاری بەندکردنی تۆ لای منە، تازە تریاک وردە وردە دەچووە نێو خوێنی، وەلێ کە برادەرە ئێرانییەکەی گوتی: بەمەرجێک نهێنی دەستگیر کردنت ئاشکرا دەکەم، ناوم نەهێنی، هۆشەنگی داماو بەبێ دوودڵی بەڵێنی پێ دا.

تریاک خەریکی ئەوە بوو کاری خۆی دەکرد برادەرە ئێرانییەکەی گوتی:

یەکەم کەس نیت مامەڵەت پێوە دەکرێ و بەپارە دەفرۆشرێی، ئەو مەلا سەدرەیەی جێگەی متمانەی خەڵکە و نازناوی مەلای بەخۆیەوە ناوە، دەستی لەگەڵ پاسدارەکان تێکەڵ کردووە و پێش تۆ گوللەی لەنێو جانتای دوو کەسی دیشدا داناوە و قوڕ بەسەری کردوون، ئیدی بۆ لەمەودوا هەرگیز مامەڵە لەگەڵ ئەو سەگبابەی نەکەی.

ڕێک لەوکاتەدا حەبەکان لەنێو جەستەی هۆشەنگ بەتەواوی کاری خۆیان کرد، هەروابێتەوە دیمەنی نزیکبوونەوەی ئەو مەلایەی هاتەوە پێش چاو کە لە سنوور وەک خزمەتکار جانتای بۆ هەڵدەگرت و هەندێ پووڵیشی دایە و پێی گوت لە ئێرانێ پێویستیت پێی دەبێ، دیمەنەکان لێوی (هۆشەنگ)یان بەلەرزین خست و دەماری نێوچەوانی دەرپەڕین، دەستی لە بەرکی ناو هەندێ پووڵی دەرهێنا و بەبرادەرەکەی گوت ئەوە پووڵی حەبەکان و دوو دانەی دیشم دەیە، برادەرەکەی پووڵەکەی وەرنەگرت و دوو دانە حەبی دیشی دایە و ماڵئاواییان لەیەکتری کرد.

***

هۆشەنگ هەموو گیانی بووبووە ڕق، ڕق لە ماڵباتەکەی کە کوڕە تاقانەکەیان دووچاری خێزان کرد و دواتریش پشتیان تێ کرد، ڕق لەو مەلا سەدرەیەی ساڵ و نیوێک خستییە دۆزەخەوە، حەبێکی دیشی ئاودیو کرد و ڕێک ڕووەو ماڵی بابی ڕۆیی، ئەو پێیەکانی نەدەکەوتنە سەر زەوی، دەمارەکانی سڕ بووبوون، هزری یەکپارچە بووبووە ڕق، بیری لە ڕابوردووی دەکردەوە، لە منداڵی کە هەمیشە بە سەربەرزییەوە باسی کوڕە تاقانەکەیان دەکرد، بیری لە قسەی خەڵکی دەکردەوە کە بە دایک و بابیان دەگوت بەدایکی، یان بابی کوڕان بی، برات نەمرێ و بە شوان ناویان دەهێنا، کەچی بەکونفەیەکونێک پشگوێ خراو خستیانە ژێر بارێک کە ئیدی هەرگیز لێی دەرباز نابێ.

هۆشەنگ تەنیا بیری لە خێزانەکەی دەکردەوە و ڕووەو ماڵی بابی، هەر بەپێکەنینەوە وەلێ بە

مێشـکێکی سـرەوە ڕۆیـی، لـە بـەردەم دەرگـەی دراوسـێکەیان کـە یەکـەم خۆشەویسـتی لـە ڕێگـەی تەنیـا نیـگاوە لە جەسـتەیدا چاند، هەڵوێسـتەیەکی کـرد، وەک ئـەوەی لەدڵیـدا نووسـرابێ ئـەوە دوایەمیـن دیـدارە، کچەکـەی دراوسـێیان لـەم سـاتەدا هاتـە دەرێ و دیسـانەوە نیـگای منداڵـی و کامڵـی لەیەکتـری چەقیـن، ڕێـک لـەم چرکەیـەدا بـوو منداڵێکی بچـووک هاتـە تەنیشـت کچەکـە و گوتـی دایـە، وشـەی دایـە لەلایـەک دڵخۆشـی کـرد و لەلایەکـی دی ڕقـی تۆڵەکردنـەوە هێنـدەی دی دەمارەکانـی نێوچەوانـی ئەسـتوور کـرد، ئەوێـی جێهێشـت و ڕووەو دەرگـەی ماڵـی بابـی ڕۆیـی.

کاتێـک لـە دەرگـەی دا چاوەڕێی کردنـەوەی نەکرد، ئـەو خـۆی دەیزانـی چـۆن دەرگەکـە بکاتـەوە چـووە ژوورێ، هەمـووان دووچـاری سەرسـوڕمان بـوون، نەیهێشـت یـەک کـەس لێـی نزیـک بێتـەوە، دایـک و بابـی ویسـتیان لـە باوەشـی بکـەن، نەیهێشـت. خوشـکە گچکەکـەی نزیـک کەوتـەوە لـە باوەشـی خـۆی کـرد و چەنـد ماچێکـی تـەڕی لـێ کـرد، دواتـر هـەر بـە پێکەنینـەوە، بـەڵام سـیمای تووڕەیـی لـێ دەبـاری پێـی گوتـن:

ئـەو کـوڕەی لەنێـو بیابـان جێتـان هێشـت و نەتانهێشت حەزەکانـی خوێنـدن و خۆشەویسـتی بێتە دی، ئـەو کـوڕە تاقانـەی بـەو تەمەنـە ناسـکە کەوتـە بەندیخانـەی تریـاک خـۆرەکان و لێتـان نەپرسـییەوە، ئێسـتا گەڕاوەتـەوە، وەلـێ کوڕێکـی دییـە، لەبـری کۆلیـژ لەنێـو بەندیخانـە فێـری زۆر شـت بـووە و ئـەو دەزانـێ چـۆن مافەکانـی خـۆی وەردەگرێتـەوە.

نەیهێشـت یـەک کـەس نـە باوانـی نـە خۆشـکە بچووکەکـەی کـە تەنیـا ئـەو لەماڵێ مابـوو، دووەکەی دی لـە جـێ و ڕێـی خۆیـان بوون، قسـە بکەن و چۆن هاتبـوو ئـاوا گەڕایـەوە نێـو خێزانەکـەی، ئـەو پـارەی وەریگرتبـوو، ئـەوەش کـە شـەریکەکەی دابوویـەی لەمسـتی هاوسـەرەکەی کـرد و داوای گـەردن ئازایـی کـرد، دواتـر هـەردوو کچەکـەی لەبـاوەش گـرت، باوەشـێک بابـی هەمـوو تەمـەن خۆشەویسـتی دانـێ، دواتـر تونـد هاوسـەرەکەی بەخۆیـەوە گوشـی و ئیدی لەمـاڵ نەمایـەوە و گوتـی: پـارەی کەسـم لا نەمـاوە وەلـێ هەنـدێ قـەرزم مـاوە دەبێـت بیاندەمـەوە.

***

مردووشـۆرەکان کاتێـک جلوبەرگـی (هۆشـەنگ) یـان پشـکنی، تەنیـا یـەک حەبـی تێدا بـوو، لەگەڵ نیـو پاکـەت جگـەرەی بەهمـەن، کونێکیـش لـە بنـی چەناگـەی هەبـوو کـە هەمـوو لەشـی کردبـووە خوێـن.

بـەڵام جلوبەرگـی مـەلا سـەدرەدین جگـە لـە پاکەتێـک لـەو حەبـە، پووڵێکـی زۆر و نامەیەکـی فارسـی تێـدا بـوو بـۆی نەدەخوێنرایـەوە، سـێ کـون لـە تەختـی نێوچەوانـی هەبـوون، دیـار بـوو زۆر لەنزیکـەوە لێـی درابـوو، چونکـە گـڕ بەشـێک لـە پرچـی هەڵکڕووزاندبـوو.

***

تەنیا دوای ڕۆژێـک لـەم ڕووداوە، بێوەژنێـک و دوو کچ بەتەنـێ لـەولای گۆڕێکـەوە دەگریـان، دایکێکیـش پرچـی بەسـەری خۆیـەوە نەهێشـت و بەلاوانەکەیـەوە دیـار بـوو پەشـیمانی دەڕژانـدە ئـەو نـاوە، باوکێکیـش بەتاقـی تەنـێ و لەنێـو شـەرمەزارییەکی زۆردا فرمێسـکی دەڕشـت، دەیزانـی ئـەو تۆڵەیـەی کوڕەکـەی باسـی کـرد، بـۆ هەتاهەتایـە ئـەو ماڵباتـە ئـازار دەدات، لـە ڕۆخـی گڵکۆیـەک کـە سـێبەرێکی باریکـی دروسـت کردبـوو هاوڕێکـەی خەریکـی فڕێدانـی بـەرد و کەرسـەکە گڵـەکان بـوو، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی سـەرنجی تـەواوی ئامادەبـووان بـوو، کچێکـی دراوسـێیان وەک پەڕۆیەکـی شـێدار بەسـەر گڵکۆیەکـەدا کەوتبـوو، دەسـتی خسـتبووە ژێـر ڕوومەتـی، بـا تەنیـا زوڵـف و هەنگوچکە باریکەکەی دەلەرانـدەوە و هەناسەشـی بەشـێک لـە خۆڵـی بـان سـەری هۆشـەنگی فڕێدابـووە سـەر ئەڵقـەی پەنجـەی و بـزری کردبـوو.